# کاری هاوبەش

بڵاوکراوەی لیژنەی کاتی کاری هاوبەش

ژمارە (٢)، ١٥ ی نیسانی ٢٠٠٣


## روخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لەهەموولایەك پیرۆزبێت

دوای نزیك بە ٣٥ساڵ لە دەسەڵاتی ڕەش و کاولکاری و کوشت و بڕ، لەڕاونان و جەنگ و بەسەربازگەکردنی کۆمەڵگە، سەرەنجام ڕژێمی دڕندەی بەعس کۆتایی بەتەمەنی پڕلەتاوانی هات. ئەگەرچی هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق لەناوی برد، بەڵام شکست و ڕسوابوونی لەمێژینەی ئەو ڕژێمە لەناو خەڵکدا و هاوکاری نەکردن و

بۆل٧

# دەبێت دەسەڵاتێکی مەدەنی و عەلمانی جێگای دەسەڵاتی سەدام و بەعسییەکان بگرێتەوە

سەرئەنجامی شەڕی ئەمریکا و عێراق بە سەرکەوتنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و بە شکان و لەناوچوونی حیزبی بەعس و سەرانی حکومەتی عێراق کۆتایی هات. گەرچی شەڕ لە بنەڕەتدا بۆ کۆتایی هاتن بە مەینەتییەکانی خەڵکانی عێراق نەبوو، وە لە بنەڕەتدا شەڕ لە پێناو خواستە ئیمپریالیستییەکاندا هەڵگیرسا، بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا ڕۆشنە ئەوەیە کە تەرەفێکی شەڕ، واتە حیزبی و بەعس و سەرانی حکومەتی عێراق کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵ بە ئاگرو ئاسن بەرببوونە گیانی خەڵکی عێراق و ئەم وڵاتەیان کردبووە گۆمی خوێن و هەر ڕۆژەی لەلایەکەوە کیمیایی دەرێژرا و ئەنفال دەکرا و هۆرەکان دەکرانە ئامانجی وێرانکەرانە و هەر ڕۆژەی لە لایەکەوە گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدەکەندرا و زیندانەکان لەم ماوە دورودرێژەدا لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی عێراقیان دەکردە خۆراك، لەم شەڕەدا لەناوچوو، بەمەیش سەهۆڵبەندانی حوکم و سەرکوتکردنی بەعسییەکان توایەوە.

ئێستایش کە کۆتایی بەدەسەڵاتی بەعسییەکان هاتووە، پێویستە خەڵکانی عێراق خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و شێوەی دەسەڵاتیان دیاری بکەن. ئەگەر ئەمریکا بە ئیدیعای ڕزگاری خەڵکانی عێراق ئەم شەڕەی بەرپاکرد ئەوا هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو وڵاتە نامێنێتەوە گەر لەجیاتی بەجێهێشتنی دەسەڵات بۆ خەڵکی ئازادیخوازی عێراق، دەسەڵاتی چەند ژەنراڵێکی خۆی بسەپێنێ بەسەرماندا، یان کۆنە کاربەدەستانی دوێنێی بەعس و خێڵ و عەشیرەتەکان بکاتەوە بە کاربەدەست و شەریکە بەشی دەسەڵات لە عێراقدا.

بۆل٣

## ئێستا لەهەر کاتێکی گونجاوترە بۆ پێداگرتن لەسەر چارەنووسی ئەنفالەکان

ئێستا بەنەمانی دەسەڵاتی سەدام و حکومەتی بەعس کاتی ئەوە هاتووە کە بەشێوەیەکی جددی تێبکۆشین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفال و بارزانییەکان و سەرجەم ئەو ونبوانەی کە دەسەڵاتی بەعس کردنییە خۆراکی زیندانەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان. ئەگەر تا دوێنێ مانەوەی بەعس و سەدام ڕێگربوون لەبەردەم دیاریکردنی چارەنووسی ئەوان‌دا ئیتر ئەمڕۆ هیچ بەڵگەیەك نییە کە بتوانێت لەسەر ئەوە ساغمان بکاتەوە کە دەست لەم کارە هەڵبگرین.

گەڕان بەدوای چارەنووسی ئەنفالەکاندا جیا لەوەی کە چارەنووسی ١٨٢ هەزار کەس بۆ خێزان و کەس و کاری ئەو ئەنفالانەیە و جیا لەوەی کە دیاریکردنی چارەنووسی ئەو کەسانەیە کە بوونە خۆراکی یەکێك لە سیاسەتە کۆنەپەرست و جینۆسایدەکانی حیزبی بەعس، ئەوا ئەم خواستە بۆ خۆی دەتوانێت لەلایەکی ترەوە پەردە لەسەر ڕووی دووڕوویانەو دوو فاقیانەی کە ئەو کۆنە بەعسی و بەرپرسی هێزە چەکدارەکانی حیزبی بەعس و دەزگا جاسوسی و سەرکوتکەرانەش هەڵبداتەوە کە ئەمڕۆ بەشێوەی جۆراوجۆر هێنراونەتەوە تا بکرێنە کاربەدەستانی عێراقی ئایندە. گەرچی ئەوانە (بەتایبەت خەزرەجی و وفیق سامرایی)و دەیانی تر کە بەتەواوی ئاگاداری ئەو تاوانانە بوون و خۆشیان بەکردەوە دەستیان لەو تاوانانەدا هەبووە، تا ئێستا، لەگەڵ ئەوەیشدا بە حساب بوونەتە (ئۆپۆزسیۆن) لەم بارەوە هیچ زالنیارییەکیان نەدرکاندووەو نایدرکێنن.

لەلایەکی ترەوە ئەنفالەکان موڵکی هیچ حیزب و لایەنێکی کوردی نین و دەبێت ڕێگای ساتوسەوداکردن بە چارەنووسی ئەوان و لە دەستی ئەو حیزبانە دەربکێشرێت. بەڵکو ئەمە لەلایکەوە مەسەلەیەکە کە پەیوەستە بە مێژوویەك، مەسەلەیەکە کە دەبێت حەیسیەت و ئیعتیبار بۆ ئەو کارەساتە بگەڕێتەوەو لەلایەکی ترەوە پەیوەستە بە ژیانی واقیعی چەندان خێزان و ژن و منداڵ، کە تا ئێستاش بەتێپەڕبوونی نزیکەی ١٥ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا هێشتا ژیانی واقیعی و مەسەلە قانونییەکانیشیان بە هەڵچپەسێردراوی ماوەتەوە.

## کاروچالاکییەکانی لیژنەی کاری هاوبەش

دوا بەدوای بەستنی کۆبوونەوەی ٢٠٠٣/٣/١٥، کە لیژنەیەکی بۆ شوێنکەوتن و جێبەکردنی کارەکانی دیاریکرد، ئەم لیژنەیە لەسەرەتای کارەکانییەوە هەوڵیدا کە دابەشکردنی ئیش و کارەکانی خۆی بەسەر سێ بەشدا، هەوڵی جێبەجێکردنی بڕیارو بۆچوونەکانی کۆبوونەوە فراوانەکە بدات. ئەو سێ بەش بریتیبوون لە ڕاگەیاندن، پەیوەندی و مالیە. لەبارەی ڕاگەیاندەوە تا دەستی برد بۆ دەرکردنی چەند بایاننامەو دەرکردنی بڵاوکراوەی کاری هاوبەشو هەوڵدان بۆ ناساندنی لیژنەی کاتی کاری هاوبەش لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە. لەبارەی پەیوەندییەکانیشەوە لیژنە بەدیاریکردنی گروپێك بۆ سەردانی چەند لایەنێك کاری ناساندن و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ چەند لایەنێکدا بردە پێشەوەو وەك سەرەتا توانی پەیوەندییەك لەگەڵ زۆرێك لە لایەنەکاندا پێکبهێنێت، هەروەها ئەم لیژنەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی خەباتکارتنە لەگەڵ چەپ و کەسانی سۆسیالیست و هەلچسوڕاو لە شارو شوێنەکانی تردا تێکۆشا تا لەم ڕێگایەوە مەودای کارەکان و لیژنەی کاتی کاری هاوبەش بەرفراوانتر بکات. هەروەها لەبارەی مالیەوەیەوە سیاسەتێکی بۆ کۆکردنەوەو دەستگیرۆیی مادی داڕێژە.

شایانی باسە کە لیژنەی هەڵبژێردراو بەشێکی زۆری ئەم بەرنامەیەی بەشێوەیەکی باش بردووەو بەڕێوەو ئێستایش سەرقاڵی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی زیاتر کارەکانی خۆی بەرێت بەرێوە.

# ئەوەی لەشارەکاندا گوزەرا

لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی مەرکەزی بەعس، ئەو فرسەتە بۆ زۆرێك لە خەڵکی شارەکان خوڵقا کە بکەونە خۆو بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەرببڕن و لەزۆر شاریشدا تاکە هۆکارێك بوون بۆ دەرپەڕاندنی حیزبی بەعس، یان لانی کەم تاکە هێزێك بوون کە بەدوای کشانەوەی هێزەکانی بەعس و حکومەت لەو شارانەدا دەستیان بەسەر شارەکاندا گرت. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا ناتوانین قسە لەسەر دەورێکی ئاکتیف و چالاکی جەماوەر بکەین و ناتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە بەرئەنجامی ئەو خۆپیشاندان و ئەو دەورەی کە لەهەندێ لە شارەکاندا جەماوەر بینی بەرئەنجامەکەی شەریکە بەشکردنی ئەو جەماوەرە بێت بۆ دەسەڵات.

ئەگەر لە پەراگرافێکدا هۆکارەکانی کورت بکەمەوە دەڵێم کە خەڵك خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵك لە بنەڕەتەوە جیاواز بوو لەگەڵ ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی ١٩٩١، چونکە لەویاندا خەڵك خۆی جێگای دەسەڵاتی روخاوی بەعسی دەگرتەوەو لەمیاندا خەڵك وەك هاوکارێك و کارئاسنکەرێك بۆ هێزەکانی ئەمریکا دردەکەوت. ئەم جیاوازییەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە.

ئەم خۆپیاشندانە گەرچی هەر لەسەرەتاوە بووە جێگای سەرنجی هێزەکانی ئەمریکا و بەرەسمی داوا لە خەڵك کرا کە تەقەنەکەن و بچنەوە ماڵەکانی خۆیان، چونکە بەراستی ئەمریکا ئەوە ئەزانێت کاتێك خەڵك خۆی لە شارێکدا هێزەکانی بەعس رادەماڵێت هەروا بە ئاسانی مل بەوە نادات کەسێکی مەلا و ڕەئیس عەشیرەتەکان بکرێنە حاکم و پارێزگارو، لەوەیش تێدەگات کە ئەگەر خەڵك بەشێوەی فراوان لە پرۆسەی ڕامالینی بەعسدا دەوریان بگێڕایە هەروا بە ئاسان نەبوو قسە لەسەر هێنانی جەنراڵێکی خانەنشین بکرێت تا بکرێتە حاکمی عێراق، هەروەك چۆن بەریتانیا لەسەرەتای دروستکردنی حکومەتی عێراقدا شەریفێکی لە ئەردەنەوە هێنا. بەڵام ئەو ڕێژەیەیش لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین کە بینیمان، بەهەر لێکدانەوەیەك بێت، بەهەر وەهم و کەموکوڕییەکەوە بێت، دەتوانین وەك سەرەتای هاتنەمەیدانی خەڵك بۆ خواستەکانی خۆیی و وەك سەرەتایەك بۆ بێدەنگ نەبن و کەنارنەکەوتنی دابنێین کە دەمێکە ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان نەخشەی بۆ دەکێشن و لەهەوڵی جێبەجیکردنیدا بوون.



## تاڵان و ڕاوو ڕوت شارەکان هەراسان ئەکات

لەگەڵ چۆڵکردو راکردنی دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس لە زۆرێك شارەکانی عێراقدا تاڵان و ڕاوو ڕوت دەستی پێکرد. لەشارەکانی بەسرەو بەغداددا بەشێوەیەکی زۆر دیمەنەکانی تاڵانی دەبینرا. وە لە شارەکانی موسڵ و کەرکوکیشدا، سیمای تاڵان و دزی هێندە بەزەقی دەبینرا کە ئیتر نەدەکرا جێگای بێدەنگی بێت. ئەمە جیا لەوەی کە خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاوو کارەبا و هێڵی تەلەفون بمێنێتەوە.

### چەند وێنەیەك لە شادییەکانی خەڵك بەهۆی تیاچوونی حکومەتی بەعس







ڕیزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەم دوایانەو بەهۆی ئەو هەلومەرجە تازەوە کە هاتۆتە دی توشی قڵشت و شێوەیەك لە بێ سەروبەری بووە، بەجۆرێك کە نەیتوانی شکڵە ڕوکەشیەکەی وەك خۆی بهێڵێتەوە